www.kurdistannet.org
12-3-2003 22:49

# دەبا گڕی ئاگری ئاڵای فاشییستەکان بڵێسەی بێت

باهۆز عەلی

بەو دەلیلەی، ڕۆژنامەی برایەتی **٣٦** ساڵە زمان حاڵی حیزبێکی میراتگرە بە دواکەوتوترین فەرهەنگ، بێ گومان لەوە زیاتری لێ ناچنرێتەوە کە ئەمڕۆ پاڵەوانێکی کەم هاوتای عەمالەت بێ لەو کوردستانەی وا بۆتە سفرەی لەوەڕگەیان، لە دوا نەفەسی ئازادیخوازیشیاندا کە دەیکێشن بە ( بەد ڕەوشت) قەبلاندنی ئەو دەنگەیە کە ئالایەک دەسوتێنێ، کە بەتەنها سیمبولی دەسەڵاتی ئەو فاشیستەیە منالیش دەسوتێنێ، ئاخۆ لە ڕوانگەی برایەتی یەوە کامەیان بەد ڕەوشتی بێت ؟ ئەگەر ئاڵا سوتاندن بەد ئەخلاقی بێت، زمان سوتاندن دەبێ چی بێت ؟ ئاخۆ ئەو حیزبەی جامانەی ئاڵاندووە، چۆن ئەوە هەزم بکات لەژێر سایەی بورژوا قەومیەکی وەک تورکیەی دۆستی دا، ئینسانی کورد لە سەدەی **٢١** یشدا نەتوانن بەزمانی دایکی خۆیان بدوێن، بەڵام ئاڵاکەشیان دەبێ بەرز ڕاگیرێ و نەسوتێ !؟ ئەوەیە حیکمەت، ئاڵایەک کە ڕەمزی هەرچی قەهرو زەبرو زەنگە، کەڕەمزی کاولکاری و زنجیری لە پشتێن ئاڵاوی زەلکاوی فاشیستە، هێشتا ڕێزی لێ بگیرێ، ؟!! ئاخۆ چ جیاوازی یەک هەبێ لە نێوان ئاڵای تورکیا و بەعسی عروبەو ئیسرائیل ؟ هەرچەند نازانم ئەمڕۆ، بەڵام تا دوێنێش، ، ئاڵای بەعس لە سنوری دەسەڵاتەکەیدا شەکاوە بوو ئەو ئاڵایەی کەلەسەری نوسراوە الله اکبر و لە پێشی ئەو دەبابانەی ئەنفالیان دەکرد چەقێندراوە بەدەستی سامەڕایی هاو خەبات و هاو کۆنگرەتان، ئەوانەش لە فەلەستین ئاڵا دەسوتێنن هەر بەد ڕەوشتن ؟، عاقیبت هەر دەبێ بەرز ڕابگیرێ ؟ ئەو حیزبەی برایەتی زمان حاڵێتی وناوو ناتۆرەکانی خۆی لە خەڵکی دەنێ و بگرە بەوەشەوە نەوەستاوە، هەروا خۆیشی کردووە بە کوێخاو دەم ڕاستی کورد، لەوە دەچێ مەلایەک بن لە پشتی دەرگاکەوە کورد مارە ببڕن بێ ڕەزامەندی خۆی، هەروەک چۆن دەیەوێ حکومەتی فاشیستی تورکیا بکات بە نوێنەری خەڵکی زەحمت کێشی تورک، بەڵێ، ئاخۆ خەڵکی هەژارو و دەست تەنگی تورکیا چ قازانج و ئیختیارێکیان هەبێ لە چاوچنۆکی حکومەتەکەیان ئەمە خۆی شەرعییەت پێدانی هەرچی سوکایەتی پۆلیسی ئەو وولاتەیە بە خەڵکەکەی کە لە زمانی شەق زیاتر نافامێ، ئەم حکومەتە تەنها و تەنها بە فاشیست بوون و زەبرو زەنگی خۆی ماوەتەوە. ئەو سیناریۆیەش کەسازتان کردووە بۆ هاتن ونەهاتنی تورکیا هیچ مانایەکی نی یە، دەنا ممکن نی یە ئەمریکا بێ تورکیا و تورکیا بێ ئەمریکا، وەک کەرو خۆڵەمێش وان لەگەڵ یەک، بەڵام ئێوە دەتانەوێ چاوبەست لە خەڵکی بکەن وهیچی تر.

بەڵام بۆ دەبێ برایەتی ئاڵای فاشیستی تورکیا بکاتە شەرەفی ئەو خەڵکە، کە هەر لە دوێنێ ی ٨ ی مارچدا بوو ژنان وپیاوانی ئازادی خواز، دەنگی نەفرەت لە جەنگیان هێنایە سەر شەقامەکان. کێ دەزانێ و، دەبێ بێ ئابڕوویی چاوقایمی برایەتی لەمە زیاتر چی بێت !!؟؟ دەبێ ئەم هەڵوێستە چ جیاوازبێت لە هەڵوێستی ٣١ ئاب، ئەمە بەد ڕەوشتی نەبێت کامە بەد ڕەوشتی یە ؟! ئەی ئاخۆ ئەو حیزبە چۆن بڕوانێتە ئەخلاق، چ مەفهومێکی هەبێ لە فەرهەنگی سیاسی ئەواندا، هەر بۆیە فەوری پێویستە بەڕێز کاک مسعود دوو کار ئەنجام بدات :

١ / بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەکەی دابخات و سەرنوسەرەکەی ترۆ بکات.

٢ / لە کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی دا باس لە ئەهمییەت وستراتیجی ئەخلاق بەجۆرێکی وابکرێت تەنانەت ئەگەرناوی برایەتی بگۆڕن بە ( ڕۆژنامەی ئەخلاق) گونجاوتر و مەنتیقی تر بێت بۆ پارتی،

ئەی ئەوانەی کەس وکاریان ئەنفال و کیمیاوی بارانە خۆتان بڵێن، لە بەد ڕەوشت ناشیرینتر چیتان پێ بڵێن ؟، لەپاداشتی وەرەسەیەک کە بۆتان ماوەتەوە لە سەرو سەوداتان لەگەڵ بەعس، لەگەڵ سەرۆک

ئەندازیاری ئاشتی. خۆ ئەگەر ئالا رەمزی کەرامەت وشەرەف بێت و سوتاندنی دەست درێژی بێت بۆ ئەو رەمزە ! ؟ ئێمە لە پێشدا دەست درێژیمان لێ کرا، رونتر ئەوەیە ئێوە ن دەستی دنیاتان درێژ کرد بۆ سەرمان، جەنابان چی دەڵێن لە بێ ئالایی تا ئێستەی کورد ؟ ئەگەر ئالا رەمزی کەرامەت بێ ئەوا ئێمە نیمانە، بۆ ئەزیەتی ئەوەش وەبەر خۆتان نادەن پێیان بڵێن : ( ئێمە نــــــا) خەڵکی زەحمەت کێش ئەمرۆ ئالاتان بسوتێنن سبەی دەست درێژیشتان دەسوتێنن، ئەوەش بڵێن کەتا ئێستە ئێمە بووینە لەمپەرو ئیرادەی خەڵکیمان زەوت کردووە، باشە گەر دەزانن ئەجری دراوسێ یەتی هێندە گرانە بۆ هەزارانتان لە یەکتری گەوزاند لەگەڵ یەکێتی دا، خۆ دراوسێ بــــــوو ن !!!!! حکومەتی فاشیستی تورکیا کاسە دەرخونە ناکا بۆ دراوسێ کەی بگرە دەیەوێ مل هوری بکا ؟ بە خواست و دەعوەتی رەنگینتان بوایە بۆ تورکیا، بە نوێنەر و دەم راستیشتان بوایە بۆ خەڵکی کوردستان چەپکە گوڵتان دەدی لە جێ ی ئاگری ئالا سوتاندن !!! (*) کاتێ خەڵکی کە هاتنە مەیدان دژ بە هاتنی تورکیا، ویستیان ئەو پەیامە بگەیەنن کە نوێنەرایەتیتان بەسەر چوو، ئالا سوتاندنەکەش زەنگی ئەو چارەنوسە قورمیش کراوەیە کە هەر رۆژەی بەدەست حکومەتێکەوەیە و ئێمە دەبێ باجەکەی بدەین، فیعلا" خەڵکی دەست تەنگ تا ئێستە هیچ بەرژەوەندی یەکیان لە شەرو کوشتار داگیرکردندا نەبووە، بۆیە ناکرێ ئەو هەڵوێستە سود پەرستانەی حکومەتی تورکیا لەسەر خەڵکی توکیا حیساب بکرێ، هەروەک چۆن هەڵوێستی ئێوە ناکرێ لەسەر ئێمە حساب بکرێ، ئەگەر لگاوی ئێوە خۆتان بە ئایندەی کوردەوە بیهێشتایە، ئەو حاڵەتە ئیحراجییەشتان بۆ خۆتان دروست نەئەکرد لای وەزیرانی تورکیا، ئەگەر ئالا سوتاندن ئیهانە بێت، بەڵێ ئێمە ئەو ئیهانەیە دەکەین بە هەرفاشیستێ، هەر حکومەت و دەسەلاتێ کە دەست درێژیمان بۆ بەرێ، سەرکوتی ئازادی بێت، ئەوەش هیچی نەبێ لە هیچ ناترسێ، مژدەی ئەوەشتان لێ بێ کە زۆر ئالای تر بەرێوەن کە بسوتێنرێن، دەبا گڕی ئاگری ئالای فاشیزم باشتر بڵێسەی بێت.

کەنەدا ١٢-٠٣-٢٠٠٣

* ئیلهامێکە لە فەرموودەکەی جلال تاڵەبانی کە دەڵێ ( خەڵکی کورد بە گوڵ پێشوازیتان لێ دەکات)

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت